# ڕوانینی ڕوئیا لە قەسیدەی «خوشکەکانم»

**شێروان ئیبراهیم حەیدەری**

قەسیدەی «خوشکەکانم» شیعرێکی پشوو درێژی «ماردین ئیبراهیم»ـە لە دوای کوراسەی شیعری **«یاسەمینەکانی مردن»** لە سلێمانی بڵاوی کردۆتەوە پاشان لە گۆڤاری «ئاینده» وەکو دەقی شیعری بڵاو بۆتەوە...

قەسیدەی **«خوشکەکانم»** یەکێکە لەو قەسیدانەی هەر جارێک دەیخوێنیتەوە حەز دەکەی دووبارەی بکەیتەوە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکە لەوانە:

**یەکەم:** هارمۆنییەتێکی بابەتی هەیە لە ناو کۆی شیعرەکە

موگناتیسییەتێکی عەجیبی پەیدا کردووە لە نێو دایەلۆگەکان بۆ وێنە:

«خوشکەکانم هەن ـــــ خوشکی گەورەمان هەیە ـــــ خوشکی ناوەنجیمان هەیە ـــــ خوشکی گچکەمان هەیە ـــــ گرانە ژنمان هەیە ـــــ گەورە کچمان هەیە ـــــ ژنێکی سپی پۆشمان هەیە + تاقە برایەک»

* هەموویان دایەلۆگی خۆیان هەیە.
* هەموویان بەسەرهات و یادەوەری خۆیان دەگێڕنەوە.
* هەموویان پێکەوە خانەوادەیەک وماڵێک پێک دەهێنن.

**دووەم:** زمانی شیعری ئەو قەسیدەیە زمانێکی ڕوونە، تەمومژاوی نییە لە بەیانی کردنی حەقیقەتەکان، بەدەستەواژە و فرێز نادوێ بەڵکو ڕستە بەیان دەکات...

ڕستەکان توانای ئەوەیان هەیە کە ئەزموونە تایبەتییەکان بگەیەنن بەشێوازی وردەکاری لەگەڵ ڕوونیەتیەک لە وێنەکاندا...

**سێیەم:** مۆسیقایەک هەیە لە ناو کۆی شیعرەکەدا گۆکردنەکان ڕێک دەخات هەروەها سیفەتێکی دەنگی هەیە لە نێو بڕگەکاندا، خوێنەر هەست دەکا شیعر دەخوێنێتەوە، پەخشان ناخوێنێتەوە یان وەکو هەندێک شیعری ئێستا هەست دەکەی ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە لەجیاتی شیعر، هەواڵ دەخوێنێتەوە لەجیاتی شیعر، چیرۆکێکی ئیرۆتیکی دەخوێنێتەوە لەجیاتی شیعر...

چوارەم: وێنەکان وێنەی زیندوون، دەکەونە بەر زەین، وێنایان دەکەین لە خەیاڵ و ناخمان وێنەکان «جامد» بێ مانا نین، هاوکێشەیەکی هاوسەنگن... حەقیقەتێک هەیە لە بینینیان.

هەر لە سەرەتای یەکەم دێر خوێنەر دەچێتە نێو ڕوانین و دیمەنەکان بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

***[سبەینان بەزولفی ژاکاوەوە لە خەو هەڵ دەستان***
***ئێواران بە گۆزەی شکاوەوە لە کانی دەهاتنەوە خوشکەکانم***
***بۆنی گێلاسی نەگەییویان لێدێ***
***بۆنی چاوەڕوانیان لێدێ]***

ئەو شێوازە پێناسەیە بۆ **«خوشکەکانم»** کە هەموو خوشکەکان دەگرێتەوە کە پەشۆکاون و سیس و ژاکاون چیرۆکێکی یان بەسەرهاتێکی **«نیتشە»**م بەیاد دێنێتەوە، کە دەڵێن **«نیتشە»** پێش ئەوەی بچێتە نەخۆشخانەی عەقلی داوا لە خوشکەکەی دەکا داواکارییەکی پڕ لە تکا دەڵێ: خوشکم مێرد بەهەموو ئەڵمان بکە بەڵام مێرد بەناحەزەکانم مەکە.

پاش ئەوەی **«نیتشە»** دەبەنە شێتخانە خوشکەکەی هەڵدەستێ شوو بەیەکێک لە ناحەزەکانی «نیتشە» دەکا و ماوەیەک لەگەڵی دەژی و لێی جودا دەبێتەوە پێکەوە ناگونجێن پاش ئەو ماوەیەی کە نیتشە دەگەڕێتەوە خوشکەکەی هەر لە ماڵە تێر دەگری دەڵێ: چما خوشکم هەتا ئێستا مێردت نەکردووە؟؟

خوشکەکە بێ دەنگە و وەڵامی نییە «نیتشە»ش دەڵێ: دەترسم مێردت بەناحەزێکی من کردبێ بۆیە لێرە مابێتەوە»

خاڵی: سەرنج گریانەکەی «نیتشە»یە بۆ مانەوەی خوشکەکەی لە جێی خۆی، ئەو خەم خواردنە لووتکەی مرۆڤایەتی لە کاتێک بۆی هەیە ئێمە بەشەرمەوە باسی خوشکەکانمان بکەین کە زۆر جاریش قوربانی دەستی ئێمەن...

ئەم بیرکردنەوەیە بیرکردنەوەی عەقلی عەرەبییە لە پێش سەردەمی ئیسلام لە کاتێک کوڕەکانیان دابەش دەکرد بەسەر خۆیاندا کچ و فریشتەکانیشیان دەدا پاڵ خوا دەیانگوت: ئەوانە کچی خودان...

لە عەقلیەتی خۆیان بەشێکی زۆر بۆ خۆیان کە کوڕەکانە بەشێکی کەم بۆ خودا...

لە بڕگەی دووەم

***[خوشکی گەورە دەیگوت: بابێن شیوەن گێڕان بابێن***
***چۆن نەگریم من فەنا دەبم کەس ناڵێ حەیفە!***
***فەنا دەبم و فەنابوونی من***
***بەقەدەر بەربوونەوەی هەرمێیەکی کاڵ***
***کار ناکاتە سەر موگناتیسیەتی زەوی***
***فەنا دەبم و فەنابوونی من***
***بەقەدەر قەڵشینی دەنکە ترێیەک لە ئاوی کانیەکدا***
***کار ناکاتە سەر هارمۆنیای وەرزەکان]***

لێرەدا: بەیان کردنی حەقیقەتی سیستمێکی کەونییە و ئەویش ئەوەیە کە بوونی کاریگەری مرۆڤ کار ناکاتە سەر سوڕانەوەی سووڕی ژیانی مرۆڤ، واتە: ئاسمان: شین ناگێڕێ بۆ مردنی کەس با ئەو کەسە

له لووتکەی مرۆڤایەتی و بەشخوراوی دابێ، با پێغەمبەر و وەلی بێ یان با ستەم لێکراو بێ...

لەوانەیە ئەم ئیحساسە لای هەمووماں هەبێ کە ئێمەش وەکو گەڵای درەختێک هەڵدەورین و ڕەش دەبینەوە لە ژیان ئەو سنووره جوگرافیای کە گرتبوومان بەجێی دێڵین...

بەڵام ئەو ڕوانینە لای خوشکی گەورە گەورەتر لەبەرئەوەی ئازارەکانی زۆرترن، ڕۆیشتنی زەمەن لای ئەو ئاسان نییە چونکە واوەیلاکانی گەورەترن...

کاتێک باسی «**قەڵشینی دەنکە ترێیەکە دەکا لە ئاوی کانیەکەدا**» وێنەیەکی زۆر جوانە، چونکە خوشکی گەورە ژیانی و چیرۆکەکانی و هەقایەتەکانی و دۆخەکانی جەستەی ساردە وەکو ئاوی کانیەکە، هارمۆنی یەکێک لە جوانی وێنە و لەگەڵ بیرکردنەوەی خوشکی گەورە هەیە.

***[خوشکی ناوەنجی هەردوو چنگی لە سەراب گیر کردبوو***
***بەتوندی سەری بەبیابان دەکێشا***
***هاواری دەکرد: زەوی... زەوی***
***ئەی بێ ئەخلاقترین ئەستێرە، ئەی بێ ئەخلاقترین ئەستێرە]***

ئەو چرکەیەی کە مرۆڤ دەست بەگریان دەکات ئەو دان پێهێنانێکە کە ژیانی پێشوو سەرابستانێک بووە، ئەو چرکەیەی کە مرۆڤ تێیدا هاوار دەکا ئەو چرکەیە چرکەی گەردانیەتی لە لایەن ڕۆژگارەوە...

خوشکی گەورە هاواری شیوەن گێڕان دەکا، بەڵام خوشکی ناوەنجی هاوار لە زەوی دەکا چونکە زەوی ئەستێرەیەکە مرۆڤ قەدری دەشکێنێ و خوێنی لە ناو دەڕێژێ، مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بینای بکاتەوە وێرانی دەکا.

***[خوشکی گچکەکە زوڵمی خێران وەکو تەم لە گەردنی نیشتبوو***
***گوتی ئەرێ برا چ جەنگاوەرێکی دۆڕاویت!!؟***
***تۆ لە هەموو جەنگەکاندا دۆڕایت***
***لە هەموو هێرشەکان بەسەرشۆڕی و***
***لە هەموو مەیدانەکان بەپێی پەتی گەڕایتەوە***
***تەنیا لە جەنگی نغرۆکردنی ئێمەدا بردتەوە***
***تەنیا لە پەلاماری لەت و پەتکردنی ئێمەدا نەدۆڕایت***
***لە شەڕی مەحرومکردنی ئێمەدا چەند چاپووکی***
***سنووری قەڵەمڕەوی قامچی تۆ***
***لەسەر پشتی ئێمە تێناپەڕێ***
***تۆ ئاڵای سەروەریت لەماڵێکدا هەڵکرد***
***کە پیرە داک و باب لە ژوورێکی ساردی شێداردا***
***بەدیار کرمەکانی لەشیانەوە خەو دەیبردنەوە]***

لە شوێنێکی تر خوشکی گچکە تەوای دەکا و دەڵێ:

*[ئەرێ برا چ جەنگاوەرێکی دۆڕاویت!!؟*
***تۆڵەی دڵڕەقی جەللادەکانی زیندانت لە ئێمە کردەوە***
***تۆڵەی بێشەرەفی خۆت و بێوەفایی کچەکانت لە ئێمە کردەوە***
***خۆت کرد بەپاشای ماڵێک گۆڕستانێک بوو گۆڕستان***
***نە خۆری لێ بوو نە باران***
***ماڵێک پڕ لە کۆخە کۆخی باوک، پڕ لە شەفاعەتی بێدەسەڵاتانەی دایک***
***بەڵام وەهمی پیاوانەی خۆت***
***نەیهێشت هەست بەهەناسەی ساردی شەوانی ئێمە بکەی***
***قژی ئێمەت نەبینی کە ڕۆژ بەڕۆژ سپی دەبوو***
***مەمکی ئێمە کە ڕۆژ بەڕۆژ دەپوکایەوە***
***تەنیا قامچییەکەی خۆتت بینی***
***کە سنووری حوکمڕانییەکەی لە حەوشەکەمان تێنەدەپەڕی]***

خوشکی گچکە هەموو شتەکان بەگۆڕێ وەردەکات، بەدوانێکی ڕاستەوخۆ باسی برایەکەی دەکات: کە هەموو نەهامەتییەکان بەسەر ئەواندا **«اسقاط»** دەکات، باسی ڕەنگدانەوەی دەرەوە دەکات لەسەر ناوەوەی براکەیدا، ئاسەواری جەنگ و بۆنی دووکەڵ و دڵڕەقی جەللادە شەڕانگیزەکان ئەوانە هەمووی پەرچەکردار دروست دەکەن وای لێ دەکەن کە ئاگای لە خۆی ببڕێ و لە غەیری خۆشی ببڕێ.

بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەو ئیحساسە جوانەیە کە دەڵێ:

***[قژی ئێمەت نەبینی کە ڕۆژ بەڕۆژ سپی دەبوو***
***مەمکی ئێمە کە ڕۆژ بەڕۆژ دەپوکایەوە]***

ئەوە ڕاستەقینەیەکی گەورەیە، کاتێک بۆنی دووکەڵ لە هەناسەمان دێت تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن، هەموومان دەبین بەقوربانی، کەس نییە خەمی کەسی لەبەر بێ، قیامەتێکە بۆ خۆی هەر کەسە بۆ خۆی دەژی و لە پێناوی خۆی دەژی تەبەڕرایە لە هەموو کەسێکی نزیکی خۆیە کە ئەمەش بەڵایەکی گەورەیە...

پاشان لە بڕگەیەکی تر وێنەیەکی وەرگرتووە ئەم وێنەیە لە ژێر سێبەری ئایەتێکە لە [سفر تکوینی] عهد القدیم کە دەڵێ: **«ڕوحی خودا بەسەر هەموو شتەکانەوەیە»**.

ماردینیش دەڵێ:

***[ئەوەی تا ئەبەدیش دەمێنێتەوە***
***جێ پێی خودایە لەسەر هەورەکان***
***جێ پێی تەنیاییە لەسەر بیرەوەرییەکان]***

پاشان باسی «زولەیخا» دەکا و دەڵێ:

*[زولەیخا بە کۆڵانەکاندا ڕایدەکرد*
***پرچی پەریشان دەکرد و ئەو هەموو مەحرومیەی***
***لە بوخچەیەک دەنا***
***پاسەوانەکان میلی تفەنگەکانیان ڕادەکێشا و***
***هاواریان دەکرد: بوەستە خائین بوەستە***
***پیاوەکان خەنجەرەکانیان هەڵ دەکێشا و دەیاننەڕاند***
***ڕامەکە حەیشەری ڕامەکە***
***زولەیخا بۆنی مەرگێکی ناوادە لە سنگی دەهات***
***دەیناڵاند: نەزیفی حەسرەت کەی دەوەستێ]***

زولەیخا لەگەڵ خوشکەکان تێکهەڵکێشراوە، هەمان موعاناتی هەیە، کاتێک دەیەوێ «یوسف» دەستەمۆ بکا حەقی خۆیەتی، چونکە جوانییەکی بێ وێنەیە کەچی نایەوێ بیدرکێنێ لەبەرئەوەی کۆمەڵگا غەدارە و بەزەیی بەکەس نایەتەوە لە کاتێک پیاوەکانی ئێمە، پاسەوانەکانی ئێمە، چەقۆ بەدەستەکانی ئێمە دیمەنی گوناهکارێک دەبینن میلی تفەنگەکانیان ڕادەکێشن خەنجەرەکانیان هەڵ دەکێشن و دەیانەوێ بەناوی پاراستنی شەڕەف پەلامار بدەن تاکو ئابڕوویان شەرمەزار نەبێ...

(بەڵام «عیسا»یەک کاتێک ئافرەتێکی زیناکەری دەهێننە لای حوکمی بەسەردا بدا، دەڵێ: کێتان خۆی پێ لەو ئافرەتە پاکترە بابێ بەردبارانی بکا، کەس نییە، هیچ پیاوێک نییە)، ئەمە تێگەیشتنە لە کاتێک قرێژی ئێمە لەوانەیە کرکەوتووتر بێ لەوان..... لە پاشاندا دەڵێ:

***[زولەیخا لە خەودا پێی گوتم:***
***تۆ دڵی چیت بەزەوی خۆشە؟]***

پاشان لە شوێنێکی تر لە مەنەلۆژێکی ناوخوددا وەڵامی **«زولەیخا»** دەداتەوە دەڵێ:

***[من گوتم ئاخ زولەیخا من چی بکەم؟***
***من دڵم بەزەوی خۆشە***
***دڵم بەڕاکردنی ئاسکێک خۆشە بەبیاباندا***
***دڵم بەسنەوبەرێکی دڵتەڕ خۆشە لە قەراغ ڕێگایەکی خۆڵاویدا***
***دڵم خۆشە بەپونگەی قەراغ جۆگایەک***
***گمەی کۆترە باریکەیەک لە دەمەو عەسرێکی درەنگدا***
***دڵم بەوە خۆشە***
***وەک توتکەسەگێک باران تەڕم کات]***

لێرەدا کە زولەیخا دەڵێ: دڵی چیت بەزەوی خۆشە؟ لەبەرئەوەیە ماڵێکی تا سەر نییە، «ئەحمەدی موفتی زادە» هەمان ڕوانینی هەیە کە پێی وایە ماڵی دونیا دێ و دەڕوا بەڵام ماڵی ئەولا ماڵی حەقیقییە...

دەتوانین بەگشتی بڵێین کە لای سۆفییەکان ماڵی مەجازی و ماڵی حەقیقی هەیە...

**«محمد ئیقبال»** فەیلەسووفی پاکستانی پێی وایە کە جەستە قەفەزە بۆ ڕۆح پێویستە مرۆڤ پێڵووی چاوی دڵی هەڵبێنێ»... چونکە جەستە بەرەو لای چێژ دەڕوا بەرەو لای دونیا هەنگاو دەنێ، ڕۆحیش بەرەو لای ئاسمان...

بەڵام ماردین لە وەڵامی زولەیخا کۆمەڵێک وێنەی ئیستاتیکی نمایش دەکا کە مرۆڤ حەز دەکا سەیری بکا و لە دیاری دابنیشێ ئەو وێنە جوانانە و زۆر وێنەی سروشتیمان هەیە کە هزری مرۆڤ پەلکێش دەکەن بۆ تێڕامان...

هەر لە شیعری **«ماڵی یار لە کوێیە»** هی **«سوهراب سپهری»** هەست دەکەی زۆر جار سنەوبەرێک وا لە مرۆڤ دەکات کە دووبارە چاوەڕێی بکات و سەیری بکات و دووبارەی بکاتەوە.

کاتێک «ماردین» ئەو وێنانە دەهێنێتەوە هەریەک لە ئێمە جوانترین یادەوەری خۆی بەبیر دێتەوە.

کاتێک باسی **«گمەی کۆترە باریکەک دەمەو عەسرێکی درەنگدا»** دەکات، بەتایبەتی هاوینان کاتێک نیوەڕوانان دەخەوی کاتێک هەڵدەستی گوێت لە دەنگی **«کوکوختی»**یەک دەبێ کە دەخوێنێ لەززەتێکی خۆی هەیە.

پاشان برایەکەیان دەیەوێ ڕووبەڕووی مەرگ بێتەوە... بەشێوازی جیاواز بەڵام هەر جارەی تێڕامانێک پەشیمانی دەکاتەوە....

(١) ***[پێم گوتن با لە ئێوارەیەکی هاویندا***
***لای کێڵگەیەکی زەردی گوڵەبەڕۆژە خۆمان بکوژین***
***ئەو هەموو جوانیەی لە هەڵفڕینی کتوپڕی پۆڕێکدا بوو***
***ئەو هەموو نەشئەیەی لە بۆنی گەڵا مێوێکدا بوو***
***پەشیمانی کردنیەوە]***

خۆمان بکوژین: خۆکوشتنێکی دەست جەمعیە بۆ هەموو خانەوادەکەیە. کوشتنی نەفسێکە کە دەیەوێ خۆی بسرێتەوە.

(٢) ***[پێم گوتن با دەمەو عەسرێکی بەهاری***
***لە لای دار چوالەیەکی شۆخ خۆمان بکوژین***
***لەنجەولاری پەلەیەک گەنم***
***پەشیمانی کردنیەوە]***

(٣) *[با لە ناو گەرمەی سرووتێکی پایزیدا خۆمان بکوژین*
*ڕاکردنی کچێک بەژێر بارانىدا*
*پەشیمانی کردینەوە]*

(٤) *[با مانگەشەوێکی چلە، کاتێک بەفر بەباوە دەبارێت خۆمان بکوژین*
*حیلەی ماینێکی کەحیل پەشیمانی کردینەوە]*

(٥) *[پێم گوتن ها... ئەوە خەنجەر من زۆر موحتاجم بمکوژن*
*دەستیان تێم نەچوو بمکوژن خوشکەکانم*
*پێم گوتن ها... ئەوە ژەهر*
*بێ مروەت بوون نەیانکوشتم*
*چ مەحشەرێکیان بەرپا کرد خوشکەکانم]*

لە هەر «پێنج» حالات کە «برایەکە» نمایشی حاڵی خۆی دەکات کە چەند پەرێشانە لە یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم دەچێتە ناو سروشت و سێ لەقتەی ئیستاتیکی دەگرێ، وەسف کردنەکە وەسفێکی «یەشار کەمال»انەیە....

حەقی خۆیەتی لە پاشگەزبوونەوە لە خۆکوشتن، چونکە هەر دیمەنێک لەو دیمەنانە عیشق بۆ ژیان و عیشق بۆ جوانی و عیشق بۆ مانەوە و عیشق بۆ وەسف کردن زیاد دەکەن...

ئەگەر مرۆڤ بگاتە لووتکەی نائومێدی و ڕەشبینی، ئەگەر بگاتە چڵەپۆپەی بێهوودەیی بۆی هەیە لە سەیر کردنێکی وا ئارام بێتەوە لە دیتنی وێنەیەکی وزە بەخش بەڕۆح دەستی نەچێتە ئەنجامدانی کارێکی وا.

بەڵام «لە حالەتی پێنجەم» ئەو جارەیان پەنا دەباتە لای خوشکەکان بۆ ئەنجامدانی کاری خۆکوشتن؛ بەڵام ئەوانیش ناتوانن ڕزگاری بکەن، پاشان لە ئەوپەڕی وەسفدا باسی تلانەوەی خۆی دەکات لە دەست ئازارەکان و دەڵێ:

*[من وەک مارێکی بریندار برینەکانم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشا*
*پێم گوتن خوا قبووڵ ناکا من بەم ئازارەوە بژیم*
*بێ ڕەحم بوون، لە ترسا لاڵ ببوون کەچی نەیانکوشتم*
*عاشورایەکیان بەرپا کرد خوشکەکانم]*

مارێکی بریندار ـــــ مار هەتا ئازار نەدراوە کرە، کە شوێنێکی زامدار دەبێ شەڕی مەرگ دەکا... تا کۆتایی دەستبەردار نابێ...

ساتێک خوشکەکان تێدەگەن چ قیامەتێک لە دەروونی براکەیاندا هەیە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی

براکەیان عاشورایەک ساز دەدەن...

پاشان هەموو حیوارەکان پێکەوە دەکرێن سەرلەنوێ هەموویان پەیامی خۆیان دەردەبڕن و دووبارەی دەکەنەوە.

*[گرانە ژن دەیگوت:*
*هەستە کوڕم تەرمێک زێ هێنای*
*تەرمێک ئاو هێنای کوێر بم تەرمێک ئاو هێنای*
*کەس نەیناسییەوە*
*کەس نەبوو تابوتێکی بۆ دروست کا لە داری چنار]*

*[خوشکی گەورە گوتی: لە خەونمدا گاکان چەند گوناح بوون*
*باوکم پەلکێشی دەکردن بۆ سەربڕین*
*دەبوایە زوو بزانم لە ناو باراندا سحرێک هەیە و من نایبینم]*

*[خوشکی ناوەنجی گوتی:*
*هەڵەمان کرد زەویمان ئاوەدان کردەوە*
*ئەگەر جارێکی تر خوا جیهان دروست کاتەوە*
*شەرت بێ ئەی زەوی ئاوەدانت نەکەینەوە*
*هەڵەمان کرد*
*ئەو سەحرا خەماوییە*
*ئەو نەفەقە تاریکەمان ناو نا ژیان]*

*[خوشکی گچکە گوتی:*
*واوەیلا بۆ ئەو ڕۆژانەی میلی کاتژمێر*
*لە بەردەم قورسی لەحزەکان دەشکێت]*

((گرانە ژن + خوشکی گەورە + خوشکی ناوەنجی + خوشکی گچکە + دووبارە گرانە ژن))
((تەرم + سەربڕین+ ئاوەدانت نەکەینەوە زەوی + چرکە قیامەتییەکان + تەرمێکی سەر ئاو کەوتوو))

هەریەکەیان بەشێوازێک ئازارەکان وێنا دەکەن، هەریەکەیان بەشێوازێک وێنە زەینییەکان دەردەخەن...

لەو بڕگەیەدا کاتێک پەیامی گرانە ژن دووبارە دەکاتە دووبارە کردنە عەشوائی و ئیعتباطی نییە، بەڵکو تەواوکردنی ڕووداوەکانە، دووبارەکردنەوەکە ڕیتمێکی مۆسیقی بەشیعرەکە دەبەخشێ...

پەیامی ژنی «سپی پۆش» فریشتە ئاسا ئەوەیە ***[ژیان لە برینێک دەچێ کە خوێنی لێ بچۆڕێ]***

((فریشتەکان پێش ئەوەی زەوی ئاوەدان بکرێتەوە بە بەدیهێنراویان دەگوت:

چۆن زەوی وەکو ئەمانەتێک بۆ مرۆڤ بەجێ دێڵی لە کاتێک ئەوانە خوێن دەڕێژن و فەسادی بڵاو دەکەنەوە، بەدیهێنراویش وتی: ئەوەی من دەزانم ئێوە نایزانن)).

دیسان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین دێر و ئەو حەقیقەتە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ:

***[من چ دەکەم لێرە؟***
***ئێ هـ هـ... چەند دوورن***
***لەوسەری خۆرهەڵاتەوە بەحاڵ دیارن خوشکەکانم***
***ئای دەبێ ئێستا لە کوێ بن؟***
***ئای دەبێ ئێستاش ئێواران بەگۆزەی شکاوەوە لە کانی بێنەوە؟***
***ئای دەبێ ئێستاش بەپرچی پەرێشانەوە لە خەو هەڵسن خوشکەکانم؟]***

لێرە بۆ دووبارە کردنەوەیە بۆ گەڕانەوەیە بۆ ڕێژەیەکی نەگۆڕ بۆ جەخت کردنە لە بارودۆخێکی وەستاوی نەگۆڕ...

لە پاشان دێت باس لە ترسێک دەکات کە لە لاشعوری هەموومان هەیە و خەوی لێکەوتووە دێت زیندووی دەکاتەوە، دەڵێ:

***[کێ دەڵێ دەتبینمەوە پیرێژن؟؟***
***دەترسم بەردێک بەر زەوی کەوێت و هەپرون بەهەپرونی کات***
***دەترسم یەک تنۆک قوڕ لە دەنکی چۆلەکەیەک بەر بێتەوە قیامەت هەستێ***
***دەترسم بمرم جارێکی تر هێلانە قەتێیەک نەبینمەوە لە ناو وەردێکداو***
***فریا نەکەوم بڵێم: ئەو جلە ڕەشانەت زۆر لێدێ]***

((گەورە کچ ـــــ گرانە ژن ـــــ پیرێژن..... گەشەکردنێک هەیە لە بەدوایەکدا هاتن ئەو ترسەی کە باسی دەکا دەگەڕێتەوە بۆ گۆش کردنی ئێمە مەبەستم هەر تاکێکی ناو ئێمەیە کە گۆش کراوە بەو هەقایەتانەی باسی وێرانبوونی کەون و قیامەت دەکەن. ئەو هەقایەت و چیرۆکانە بەردەوام بوونیان هەیە لە لاشعوری ئێمە....

پاشان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالی لەوانەیە پێویستی شیعری وابکا و دەڵێ:

***[ئەگەر ویستت وەک جاران بەرخەکان دەلەوەڕێنم***
***بێچووە قازەکانت بۆ دێنمەوە نەبا تەزرەی بەهار سڕیان کا***

***ئەگەر بەچکە مراوییەکان کەوتنە سەر پشت ڕاستیان دەکەمەوە***
***هەموومان دەڵێین غاک غاک***
***بابچین بۆ ناو ئاوی پاک]***

ئەو بڕگـەی دواوە لە پۆلی دووەمی سـەرەتایی لە زمـانی کـوردی هـەیە، لە لاشـعـوری هـەمـوومـان تەواجـودی هـەیە، زۆر جـوان تێکچـڕژاوە لەگـەڵ دەقـەکـە، بەوردی جـێی خـۆی کـردۆتەوە لـە ناو پانتـایی دەقەکە....

هـەست ناکـەی لکانە و پێـوەنووسـانە بەڵکو هـەست دەکـەی جێگای خـۆیەتی... ئەو «ئـیـقـتـبـاسـە» زۆر هونەرییە...

****** ئەوەی لە کۆتایی قەسیدەکە دەبینرێ:

١) دایەلۆگ لەگەڵ پیرێژن بەردەوامە.

٢) ئاماژەکردن هەیە بۆ پاڵەوانی ڕۆمانێک کە «بەیاتریس»ـە.

٣) ئاماژەکردن هەیە بۆ کێوی «توور» ئەو کێوەی کە خوا خۆی تەجلی کرد بۆ پێغەمبەر مووسا...

٤) لە دواهەمین ئاماژەدا تیشکەک هەیە بۆ سورەتی «یوسف»

«کراسە خوێناوییەکە» بەڕەمزی دەرکەوتنی حەقیقەت و ڕاستییە، پێشاندانی بەرائەتی خۆیەتی دەڵێ:

***[بەڵام ڕۆژێک دێت خوشکەکانم پەشیمان ببنەوە***
***پەشیمان ببنەوە و سەری خۆیان بەئینجانەکان بکێشن***
***ئینجا براکانم کراسی خوێناوی منیان بۆ دەبەنەوە و***
***ئەوانیش هاوار دەکەن و دەقیژێنن***
***دەڵێن: ئێمە یوسف-مان دەوێ کراسەکەیمان بۆ چییە؟!]***

سەرچاوە:


١- الكتاب المقدس: الدار الكتاب المقدس بمصر، الاصدار الثاني، ٢٠٠٤.

٢- ئەشعارەکانی «دڵی من» ئەحمەدی موفتی زادە، کوردستانی ئێران.

٣- جاویدنامە: محمد ئیقبال.

٤- قورئانی پیرۆز، القرآن الكريم بالرسم العثماني وبهامشه مختصر من تفسير الامام الطبري، دار الخير للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة السابعة، ١٩٩٥م.